ئاپۆلین ... دەستگیرکردنی کەسێک بە تۆمەتی دزینی ئۆتۆمبێلی پوری

ئەمڕۆ هێنی ، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ئاپۆلین رایگەیاند، لە ناحیە چوارقورنە سێ کەس بە تۆمەتی دزینی ئۆتۆمبیل دەستگیرکران کە هەڵساون بە هێنانی ئۆتۆمبیلی جۆری (BMW330) لە شاری هەولێر، بەمەبەستی ساغ کردنەوەی وێك ئۆتۆمبیلێکی بە سەرقتا ، دواتر یەکێك لە تۆمەتبارەکان دانی بەوەشدا ناوە کە هەستاوە بە دزینی ئۆتۆمبیلێکی دیکە کە هی پوری خۆی بوە.

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ئاپۆلین لە ئاگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە، دوای بە دەستهێنانی زانیاری لە لایەن هێزەکانمان لە نوسینگەی نەهێشتنی تاوانی ئانیە سێ کەس بە ناوەکانی (م، م، ق) لە دایکبوی ساڵی 2005 و (هـ، جـ، ک) لە دایکبوی ساڵی 2005 و (م، ۆ، م) لە دایکبوی ساڵی 1998، کە هەر سێکیان دانیشتوی کەرکوك و کاسبن، لە پشانگاکانی کەین و فرۆشتنی ئۆتۆمبیل لە ناحیەی چوارقورنە دەستگیرکران.

ئاماژەی بەوەشکرد، تۆمەتباران هەستاون بە هێنانی ئۆتۆمبیلی جۆری (BMW330) مەدەل 2024 ڕەنگی ڕەش، لە شاری هەولێرەوە بە پشانگاکانی کەین و فرۆشتنی ئۆتۆمبیل لە ناحیەی چوارقورنە و لەکردنەوەی

تابلۆکانی بە مەبەستی ساخکردنەوەی وێك ئۆتۆمبیلی بە سەرتا کە پێشتر لە لایەن تەمەتبار (م، م، ق) ئۆتۆمبیلەکە بە کرێ بە ماوەی مانگێك بەکەی گیراوە.

بەگوێرەی هاگیەندراوەکە، دوای لێکۆڵینەوە لە گەیاندا تەمەتبار (م، م، ق) لە کاتی وەرگرتنی وتەکانیدا دانی نا بە تاوانەکی دیکەدا کە جگە لەو تاوانەی ئەنجامی داوە، هەستاوە بە دزینی ئۆتۆمبیلی پوری لە جۆری (کیا سپورتاج) مەدەل 2014 ڕەنگی سپی لە شاری کەرکوك و فرۆشتویەتی بە بەی 13 هەزار دۆلاری ئەمریکی.

لە هاگیەندراوەکەی بەوبەرایەتی پۆلیسی هاپێین ئۆوش هاتوە، دادوەر بەیاری دا بە هاگرتنی تەمەتباران بە پێی مادەی (453) لە یاسای سزادانی عەراقی و لێکۆڵینەوە لەگەیاندا بەردەوامە.